# ئێتیکی راگەیاندنو روماڵی هەڵبژاردن

## (رێبەرێکی کردەیی بۆ میدیاکاران)

ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی ٢٠١٧

بەڕێوەبەری دەزگا: سیروان حەمەسەعید

**ناوی کتێب: ئێتیکی راگەیاندنو رومانڵی هەڵبژاردن**
**بابەت: راگەیاندن**
**ناوی نووسەر: د. هێرش رەسوڵ**
**دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد**
**دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی**
**زنجیرە: (٣٩)**
**نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٧**
**تیراژ: ٥٠٠ دانە**
**نرخ: ١٠٠٠ دینار**

Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
facebook: Jamal Erfan's Library
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی سالم
ناو بینای یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی- بەرامبەر ماکسی مۆڵ

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی

# ئێتیکی راگەیاندنو
# رومالّی هەلّبژاردن

## (رێبەرێکی کردەیی بۆ میدیاکاران)

د. هێرش رەسولّ

**ئەم ڕێبەرە**

پێشکەشە بە میدیاکارانی کورد، بەتایبەت ئەوانەی لە پیادەکردنی پیشەکەیاندا بنەماکانی ئێتیک فەرامۆش ناکەن، ئیتر لە هەر دۆخو پێشهاتێکدا بن!

**هێرش**

ئەگەر هەڵبژاردنەکان، بەدیویێکدا ئەزمونێکی دیکەی هێزە سیاسییەکانو قۆناغێکی نوێی ژیانی دیموکراسیی وڵاتەکە بێت، لە رویەکی ترەوە تاقیکردنەوەیەکیشە بۆ میدیاو میدیاکاران. تاقیکردنەوە لەسەر چۆنێتیی مامەڵەکردن لەسەر ئەم پێشهاتە تازەیە،و روماڵکردنی پرۆفێشناڵانەی پرۆسەکەو پاراستنی بنەماکانی میدیایەکی ئازادو بەرپرسیار.

# پێڕست

**بابەت** **لاپەڕە**


دەربارەی ئەم رێبەرە.......................................................٧
دەروازە....................................................................١١
بنەماکانی ئێتیکی پیشە...................................................١٣
ئاستەکانی چاودێرکاریی راگەیاندن لە هەڵبژاردن دا...........١٥
گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا لە پرۆسەی ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردن.........................................................١٧
گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا سەبارەت بە مافەکانی دەنگدەر.....................................................................١٩
گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا سەبارەت بە مافی حزبو کاندیدەکان..........................................................٢١
گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا لە وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا.................................................................٢٣
گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا..............................................................٢٩
گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا پاش ئەنجامدانی پرۆسەکە...........................................................٣١
سەرچاوەکان................................................................٣٣
سوپاس و پێزانین..........................................................٣٥
کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر..............................................٣٦
ئامادەی چاپن...............................................................٣٧
نوسەر کێیە؟...............................................................٣٨

## دەربارەی ئەم رێبەرە

لە ماوەی هەشت ساڵی رابردودا، کاتێک لە بەشی راگەیاندن لە سکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی و بەشی راگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی وانــەی (ئێتیک و یاسـای راگـەیـانـدن)م دەگوتەوە، هەر وانەیەک روبەڕوی کۆمەڵێ پرسیاری جددیی خوێندکارە خۆشەویستەکانم دەبومـەوە، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی پیشەیی میدیاکاران لە بارودۆخ و پێشهاتە جیاوازەکاندا.

سـەرەڕای تێکـەڵکردنی هـەردو ئـەزمـون و شارەزایی خاکییانەم، چ لە روی تیۆری و ئەکادیمی لە لایەک، و چ لە روی پراکتیکەوە لە لایەکی دیکەوە، هەروا چاودێریی بەردەوامم بۆ ئاستی رەچاوکردنی ئێتیکی پیشە لە راگەیاندنەکانی ناوچەکە و جیهان بە گشتی، و راگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستان دا بە تایبەتی.

لەگەڵ ئەمانەشدا، گفتوگۆ بەردەوامەکانم لەگەڵ خوێندکاران و هاوڕێ و هاوپیشە میدیاکارەکانم و تاووتوێکردنی نمونەکانی پێشێلکارییەکانی ئێتیک، بە تایبەت لە دۆخە هەستیارەکانی ململانێ ئایدۆلۆژی و سیاسی و سەربازییەکاندا، کە راگەیاندن هۆکارێکی گرنگی گەیاندنی پەیام و دروستکردنی کاریگەرییە لای وەرگـر، گەیاندمیە ئـەو بـڕوایـەی نوسین و ئامادەکردنی رێبەرێکی کردەیی بۆ میدیاکاران تایبەت بە رەچاوکردنی بنەماکانی ئێتیکی پیشە لە سەروەختی پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەرکێکی گرنگ و کارێکی پێویستە.


ئێتیکی راگەیاندن و رومالّی هەلّبژاردن.. (رێبەرێکی کردەیی بۆ میدیاکاران)، هەولێکی بچوک و هەنگاوێکی بەراییە بە ئاراستەی بە پیشەییکردنی راگەیاندنی کوردی.

پێموایە میدیاکاری کورد لە سەرەتای رێگە دوردرێژەکەدایە، نەک ئەم رێبەرە، بەڵکو پێویستی بە دەیان رێبەر و نامیلکە و کتێبی دیکەی بواری هۆشیاریی پیشەییە، کە نەخشەڕێیەکە بە شێوەیەکی پراکتیکییانە پیشان بدات، و هەنگاوەکان بۆ میدیاکاران رون بکاتەوە.

لێرەوە و پێشەکی داوای لێبوردن دەکەم بۆ هەر کەموکوڕییەک لەم کارەدا، بەو هیوایەی زو لە سەرنجەکانتان ئاگادارم بکەنەوە، تاکو لە چاپەکانی تردا بە هەندیان وەربگرم.

ئیتر بەرەو راگەیاندنێکی ئازاد و بەرپرسیار..

**هێرش رەسوڵ**
**ماستەر لە ئێتیك و یاسای راگەیاندن**
**دکتۆرا لە کۆمەڵناسیی راگەیاندن**
**dr.hersh82@gmail.com**
**ئەیلولی 2013**


ETHICS

## دەروازە

رەچاوکردنی بنەماکانی ئێتیکی پیشەی راگەیاندن لە هەمو کاتو شوێنو هەلومەرجێکدا، کارێکی گرنگو پێویستە، بەڵام لە روداو و پێشهاتە سیاسییەکاندا، بە تایبەت لە وادەی هەستیارو چڕبونەوەی ململانێکاندا ئەم پابەندبونە گرنگو پێویستتردەبێت.

لە پرۆسەی هەڵبژاردنیش لە سیستمی دیموکراسییدا، کە میدیا دەتوانێ رۆڵی بەرچاو و تەنانەت یەکلاکەرەوەش ببینێ، لەبەرچاوگرتنی

پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکەو دواجار بە قازانجو بەرژەوەندیی گشتی دەشکێتەوە، چونکە نابێ خۆمان لەو راستییە بێئاگابکەین کە «ئازادی واتە میللەت بتوانێت قسەبکات، دیموکراسی-یش ئەوەیە کە حکومەت گوێ لە میللەت بگرێت، و میدیاکار-یش رایەڵی بەیەکگەیاندنی هەردوکیانە».

ئەگەر هەڵبژاردنەکان، بەدیوێکدا ئەزمونێکی دیکەی هێزە سیاسییەکانو قۆناغێکی نوێی ژیانی دیموکراسیی وڵاتەکە بێت، لە رویەکی ترەوە تاقیکردنەوەیەکیشە بۆ میدیاو میدیاکاران. تاقیکردنەوە لەسەر چۆنێتیی مامەڵەکردن لەسەر ئەم پێشهاتە تازەیەو رومالکردنی پرۆفێشناڵانەی پرۆسەکەو پاراستنی بنەماکانی میدیایەکی ئازادو بەرپرسیار.

## بنەماکانی ئێتیکی پیشە

رۆژنامەنوسی پیشەکار پێش ئەوەی هەر هەنگاوێک لە رومالّکردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا بچێتەپێشەوە، پێویستە سەرەتا پەرە بە توانا پیشەییەکانی خۆی بدات، تاکو لەو سەروەختەدا بە شێوەیەکی ئێتیکی مامەڵە لەگەڵ فاکتو بابەتەکاندا بکات، دیارترین ئەو پێوەرانەی ئێتیکی کاری راگەیاندن-یش لە رومالّی پرۆسەی هەڵبژاردندا بە گشتی بریتیین لە:

١. بەرپرسیاریێتی
٢. راستگۆیی
٣. وردی
٤. بێلایەنی پیشەیی‌و جیاکارینەکردن
٥. هاوسەنگی
٦. مافی ژیانی تایبەت

لێرەدا پێویستە بە وردی ئاگامان لەو راستییە زانستییە بێت کە پابەندبون بەو بنەمایانەی ئێتیکی راگەیاندن رێ لە رۆژنامەنوس ناگرن تاکو یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگ‌و دیارەکانی گەیاندن (Communication)و راگەیاندن ناگرن، کە (ئەرکی چاودێرکاری)یە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەمەیە:

**میدیا لە هەڵبژاردندا، لە روی پرۆفێشناڵییەوە چاودێریی چی بکات؟**

**چۆن چاودێریی بکات؟**

## ئاستەکانی چاودێرکاریی
## راگەیاندن لە هەڵبژاردن دا

ئەگەرچی زۆربــەی جەختکردنەوە ئەکادیمی، پیشەیی، تەنانەت سیاسییەکانیش پتر لەسەر رۆڵی راگـەیـانـدنـە لـە بانگەشـەی هـەڵـبـژاردنـەکـانـدا، یان ئێتیکی میدیاکان لەو وادەیـەدا، بەڵام پرسەکە لەوە فـراوانـتـرەو، میدیای پرۆفێشناڵ لە شـەش ئاستی سەرەکیدا چاودێریی پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکات:

**یەکەم:** چـاودێـریـی پـرۆسـەی ئـامـادەکـاریـی بۆ هەڵبژاردن.

**دووەم:** چاودێریکردنی دەستەبەرکردنی مافەکانی دەنگدەر (هەڵبژێر).

**سێیەم:** چاودێریکردنی دەستەبەرکردنی مافی حزبو کاندیدەکان (بەربژێر).

**چوارەم:** چاودێریی وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردن.

**پێنجەم:** چاودێریی خودی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە.

**شەشەم:** چاودێریکردنی پرۆسەی ژماردن و تەتەڵەکردنی دەنگەکانو راگەیاندنی ئەنجامی بەرایی، پاشان ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکە.

کەواتە ئەرکی راگەیاندن لە چاودێریکردنی وردی هەڵبژاردنو روماڵێکی پیشەیی پرۆسەکە، سانا نیەو کاری ئێتیکیی لێبڕاوانەی دەوێت.
هەوڵدەدەم لێرەدا، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێ سەرچاوەی زانستی، بە رونیو بە پوختی لەسەر هەریەک لەو ئاستانە بوەستمو گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشەی میدیایان تێدا دەستنیشان بکەم.

## گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا
## لە پرۆسەی ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردن:

ئامادەکاری بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن ئەگەرچی قۆناغێکی بەراییە، بەڵام دەسپێکێکی زۆر گرنگە، لەبەرئەوە بۆ ناوەندەکانی میدیاو میدیاکارانیش دەبێتە سەرەتایەکی جێبایەخ لە ئاستی پابەندبون بە بنەماکانی ئێتیکی پیشەوە. لێرەدا گرنگترین ئەو پرەنسیپانەی ئێتیک لەم قۆناغەدا دەخەینەڕو:

١. رونکردنەوەی بایەخو گرنگێتیی هەڵبژاردن لە پرۆسەی سیاسیو دەستگۆڕکێی ئاشتییانەی

دەسەڵاتدا (تداول السلمي للسلطة) بۆ هاوڵاتییان، ئەمەش لە پێناو زیادکردنی رۆشنبیریی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤدا.

٢. پێشکەشکردنی بەرچاورونیی پێویست بە هاونیشتمانان دەربارەی ئامانج، هۆکارو لێکەوتە چاوەڕوانکراوەکانی پرۆسەکە.

٣. چاودێریکردنی وردو بێلایەنانەی ئەو ئامارو سەرژمێرییەی بۆ تۆماری ناوی دەنگدەران پشتی پێبەستراوە، ئەمەش لە پێناو دڵنیابون لە راستیو دروستیی تۆمارەکەو هەوڵدان بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکانو بژارکردنی.

٤. چاودێریکردنی وردی کار، بەرنامە، رێوشوێنو پەیوەندیی «نهێنیو ئاشکرا»ی ئەو دامەزراوە یان کۆمسیۆنەی لایەنی بەرپرسی ئەنجامدانی پرۆسەکەیە لەو وڵاتەدا، ئەمەش بۆ رەواندنەوەی هەمو گومانەکان لەسەر رێکوپێکیی کارەکانی دەزگاکەو، دواجاریش بێگەردیی پرۆسەکە.

## گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا سەبارەت بە مافەکانی دەنگدەر:

ئێتیکی کاری راگەیاندن لەم قۆناغەی پرۆسەکەشدا رۆڵی بەرچاو دەگێرێت، لە چەند رویەکی جیاوازەوە دەتوانێ هاوکاربێت، تاکو لانیکەم هەڵمەتێکی پاکی هۆشیاریی پێشکەشی دەنگدەران بکات، دیارترین هەنگاوەکانیش خۆیان دەبیننەوە لە:

١. هاندانی هاونیشتمانان (ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە) بۆ بەشدارییکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی مافەکەیان لەوبارەیەوە. [بە تایبەت لە دۆخێکدا کە هەمو هێزە سیاسییەکان

لەسەر بەشداریی هاونیشتمانان لە هەڵبژاردندا کۆک بن، بە پێچەوانەوە ئەگەر کۆدەنگی نەبو، دەکرێ راگەیاندن ببێتە گوێزەرەوە و گەیەنەری ئایدیا و ئاراستە جیاوازەکان].

٢. هۆشیارکردنەوەی دەنگدەر سەبارەت بە مافەکانی خۆی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا: (مافی دەنگدان، دۆزینەوەی ناو، راستکردنەوەی هەڵەی نێو تۆماری ناوی دەنگدەران، ...تاد) بە شێوەیەکی رون‌و پیشەییانە.

٣. دروستکردنی بڕوای سوربون لەسەر مافی سروشتیی خۆی لە دەنگدان‌و قۆستنەوەی ئەو دەرفەتەی کە تەنها چەند ساڵ جارێک دوبارەدەبێتەوە، ئەمەش لەپێناو قوڵکردنەوەی گیانی هاوڵاتیبون.

٤. رەخساندنی ئازادیی پێویست بۆ هاوڵاتییان بۆ گوزارشتکردن لە خەم‌و خەون‌و چاوەڕوانییەکانییان سەبارەت بە پرۆسەی سیاسی بە گشتی‌و دەنگدان‌و هەڵبژاردن بە تایبەتی (لەکاتێکدا بۆچونەکانیان لەگەڵ سیاسەتی کەناڵەکەشدا یەکانگیرنەبێت).

## گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا سەبارەت بە مافی حزبو کاندیدەکان:

مافی حزبو لیستو قەوارەو بەربژێرەکان-یش یەکێکە لەو مافە لەپێشینانەی کە پێویستە راگەیاندن رەچاوی بکاتو لە رێگە جیاوازەکانی رومالّی هەلّبژاردنەوە پێشێلی نەکات، بەرچاوترین هەولّەکانیش لەم لایەنەوە بریتین لە:

١. رەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ گشت لیستو قەوارەو کاندیدە جیاوازەکان تاکو لە رێگەی راگەیاندنەوە پرۆگرامەکانی خۆیان بگەیەننە دەنگدەری وڵاتەکە. واتە پێدانی (هەل، کات، و روبەری چونیەک)ی بەشداریکردن و خۆنمایشکردن.

٢. راگەیاندنەکانی حکومی، بە شێوەیەکی دادگەرانەو بێ لایەنگیریکردن، ئاسانکاریی بۆ حزبو پاڵێوراوەکان بکەن لە دەستگەیشتنییان بەو ئامرازانە و پەخشکردنی پەیامەکانیان.

٣. گرەنتیکردنی مافی وەڵامدانەوەو راستکردنەوە بۆ حزبو کاندیدەکان لەسەر ئەو گوزارشتو راگەیانراوانەی بە جۆرێ لە جۆرەکان زیادمەند بوە بۆیان، یاخود لە هەمبەر ئەو رەخنانەی روبەڕویان کراونەتەوە، یان تۆمەتبارکراون.

٤. پابەندبون بەو بنەمایەی پاڵێوراو خۆی، خۆی پێشکەش بکاو گوزارشت لە بۆچونو کارنامەکەی بکات، نەک بەوپێیەی لەلایەن خەڵکانی ترەوە وەسفدەکرێن.

## گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا
## لە وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا:

ئەنجامدانی هەڵمەت یەکێکە لەهۆکارە دروستو رێگەپێدراوەکان لەپێناو خۆناساندنو گەیاندنی پەیامو بەرنامەی هەر کەسو لایەنێک لەوادەی دیاریکراوی بانگەشەی هەڵبژاردندا، بۆیە کەناڵەکانی گەیاندنو راگەیاندن رۆڵی بەرچاو لەم پرۆسەیەدا دەبینن، ئەمەش لە سۆنگەی کاریگەریی ئەو دامەزراوە گرنگانە بەسەر پرۆسەی دیموکراسیو دەستگۆڕکێی دەسەڵاتەوە. ئەمەش گرنگترین پێوەرەکانی ئێتیکی راگەیاندنە لەو ماوەیەدا:

١. ئاشناکردنی دەنگدەر بە بەرنامەی لیستو قەوارە سیاسییەکانو، کارنامەی کاندیدەکان بە شێوازێکی هاوسەنگ، ئەمەش لە پێناو رەخساندنی هەلی چونیەک بۆ هەموان (حزبو پاڵێوراوان) لەلایەکو، بەخشینی زۆرترین دەرفەتی بژاردە (الإختیار) بە دەنگدەر.

٢. خۆبەدورگرتن لە دەستوەردان لە ژیانی تایبەتی کاندیدو سیاسەتکارو سەرکردەی حزبەکان، بە تایبەت کاتێ ئەو زانیارییە تاکەکەسییانە سودیان بۆ بەرژەوەندیی گشتی نەبو.

٣. خۆبەدورگرتن لە بەکارهێنانی هەندێ وشەو دەستەواژەو زاراوە کەوا هەستی کەسو لایەنو گروپە جیاوازە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی...تاد یەکان بریندار دەکات.

٤. دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی هەندێ وشەو دەستەواژەو زاراوە کەوا دەبنە هۆی هاندان بۆ

ئەنجامدانی توندوتیژیو زەبروزەنگ لە کۆمەڵگەدا، یان دەبنە مایەی برەوپەیداکردن (الترویج) بۆ رقوکینەی نەتەوەیی، رەگەزپەرستی، ئاینی، ... یان جیاکاری (بە هەمو شێوەکانییەوە) لەو لایەنانەوە دێنیێتەکایەوە.

٥. جیاکردنەوەی هەواڵو زانیاری لە گۆشەنیگاو حوکمی تایبەت بە میدیاکاران خۆیان.

٦. ئاماژەکردنی رون بە بابەتە رێکلامییەکان کە هیچ ئاڵۆزیو تەمومژێک لای هەڵبژێر دروستنەکات.

٧. جیاوازیینەکردن لە دانانو پێشکەشکردنی رێکلامی پاڵێوراو و حزبەکاندا (لە کاتێکدا هەمان بڕ پارەیان بە میدیاکە دابو).

٨. خۆبەدورگرتن لە رێکلامی ناڕاستەوخۆ بۆ هیچ حزبو پاڵێوراوێک لە رێگەی هەواڵ، راپۆرت، دیالۆگ، بەرنامە... تاد، تاکو بە شێوەیەکی ناتەندروست کەڵک لە ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری وەرنەگیرێت.

٩. قبوڵنەکردنی هەر دیاریو ئیمتیازێک لەلایەن حزبو بەربژێرەکانەوە.

١٠. جیاوازیینەکردن لەنێوان لیستو قەوارەو پاڵێوراوەکان لە کەناڵەکانی میدیادا لە کاتی پێشکەشکردنی هەواڵو زانیاریو راپۆرتو بەرنامەو روماڵە جیاجیاکاندا. دورکەوتنەوەی روماڵە میدیاییەکان لە بەخشینی پێگەی تایبەت بە گەورە سیاسییە پاڵێوراوەکان ئیتر لە حزبی حوکمڕان بێت یان ئۆپۆزسیۆن.

١١. کۆتاییهێنان بە هەمو پڕوپاگەندەیەکی هەڵبژاردن لە رۆژێک بەر لە وادەی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکەوە، ئەمەش لەپێناو رێگەدان بە دەنگدەر بۆ بڕیاردانی بێ هیچ فشارێکی سایکۆلۆژی.

١٢. دورکەوتنەوە لە وروژاندنی هەستو سۆزی هاونیشتمانان، بەتایبەت لەمەڕ ئەو پرسو بابەتانەی کە ناکۆکیو رای جیاوازیان لەسەرە.

١٣. دورکـەوتـنـەوە لـە شـرۆڤـەو لـێکدانـەوەی لایـەنگـیریـیانـە بـۆ کـارنـامـەی لـیسـتو قـەوارەو بەربژێرەکان.

١٤. خۆبەدورگرتن لە بڵاوکردنەوەی ئەنجامی هەندێ راپرسیی گوماناوی کە دەربارەی پێشبینیی کورسییەکانی پارلەمانو دەنگی حزبو کاندیدەکان لـەلایـەن دامــەزراوەی ناپرۆفێشناڵو لایەنگیرەوە کراون.

بەڵام سەرباری هەمو ئەو ئەرکو بەرپرسیارێتییە ئێتیکییانە، بەرپرسیارێتیی میدیا خـۆی لـەوەدا نابینێتەوە، ناپاکیی نیشتمانیی حـزبو لایەنێکی سیاسی یان کاندیدێک پشتگوێ بخرێتو رایگشتی لێ ئاگادارنەکرێتەوە، بەڵکو ئاشکراکردنی فایلە شـاراوەکـانو خستنەڕوی وردەکـاریـی پەیوەندییە نهێنییە هەواڵگرییەکانی رابـردویـانو پێشاندانی دۆکـیـۆمـێـنتـە سـەلـمـێـنـەرەکـان، دەبـێـتـە ئـەرکو بەرپرسیارێتیی پێویستو هەنوکەیی.


RIGHT
IT DEPENDS
WRONG

## گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا
## لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا:


لێرەدا قۆناغە چاوەڕوانکراوەکەی پرۆسە گشتییەکە دەستپێدەکات، کەوا ئەمجارەش وردیو وریایی زۆری پیشەیی رۆژنامەنوسی پێویستە، گرنگترین بنەماکانیش ئەمانە دەگرێتەوە:

١. رومالّی گشتگیرو هاوسەنگی پرۆسەکە بە رەچاوکردنی دادوەریو وردیو بابەتیبونو بەبێ لایەنگیریو جیاکاری.

٢. چاودێریکردنی وردو بابەتیو دادپەروەرانەی پـرۆسـەی دەنـگـدانـی نـهـێـنـیـی هـاوڵاتـیـیـان، و دەستبەرکردنی یەکسانی ئەو مافە بۆ دەنگدەر.

٣. گواستنەوەی واقیعەکە وەکو خۆی بۆ وەرگر، بە هەمو جوانیو ناشیرینی، باشیو خراپیو، ئەرێنیو نەرێنییەکانییەوە.

٤. ئـازایـەتـی لـە پـیـشـانـدانـی فـێـڵو سـاختـەو پێشێلکاریو کەموکوڕییەکان، و سڵنەکردنەوە لە هەر لایەنێکی کەمتەرخەم، یان بەرپرس لێی.



## گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیا پاش ئەنجامدانی پرۆسەکە:

دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی ئەنجامدانی هەڵبژاردن، قۆناغێکی تر دەستپێدەکات، ئەویش قۆناغی پرۆسەی ژماردن و تەتەڵەکردنی دەنگەکانو راگەیاندنی ئەنجامی بەرایی، پاشان ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکەیە، کەوا بە قۆناغێکی گرنگو هەستیاری تەواوی پرۆسەکە هەژماردەکرێو، چاوی هەمولایەک، لە دەنگدەرەوە بۆ کاندیدو حزبەکانەوە، بۆ رایگشتیی ناوخۆو هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیشی

لەسەرە، بۆیە کارکردنی ڕاگەیاندنیش لەم قۆناغەدا تاڕادەیەک قورسدەبێت. گرنگترین پرەنسیپەکانی ئێتیکی میدیاش پاش ئەنجامدانی پرۆسەکە ئەمانەن:

١. وریایی میدیاکاران لە گواستنەوەی داتاو زانیارییەکاندا، بە تایبەت لە خستنەڕوی (ژمارە)دا پێویستە زۆر ورد بن، چونکە تەنها ژمارەیەک لە ئەنجامی هەڵبژارندا زۆر پرس دەگۆڕێت.

٢. نەچونە ژێر کاریگەریی هەستو سۆزی هیچ حزبو کاندیدێکی بەشداری هەڵبژاردنەکە، ئەگەر دەنگو کورسیی زۆری بەدەستهێنابو، یان بە پێچەوانەوە، بەڵکو مامەڵەکردنی واقیعییانە لەگەڵ ئەنجامەکانو گواستنەوەیان بۆ وەرگر.

٣. دورکەوتنەوە لە شرۆڤەو لێکدانەوەی لایەنگیرییانە بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

**ئەو سەرچاوانەی لە نوسینو ئامادەکردنی**

**ئەم ڕێبەرەدا سودیان لێوەرگیراوە:**

1. Yasha, Lange (2003), Media and Elections: Handbook, 2ed ed, Strasbourg Cedex, Council of Europe publishing.

2. Ross Howard, edit by Amanda Gibbs (2004), Media and Elections: An Elections Reporting Handbook, IMPACS (Institute for Media, Policy & Civil Society).

٣. د. صفوت العالم: الدعاية الإنتخابية، الموسوعة السياسية للشباب، (القاهره: نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٧).

٤. خضر دوملی: عمل وسائل الإعـلام فی الإنتخابات – للصحفيين الذين يعملون من أجل ايصال الحقائق، (دهوك: المكتبة البدرخانية، ٢٠٠٩).

٥. مجموعة مؤلفين: الإعلام الإنتخابي، (بيروت: الجمعية اللبنانية من أجل ديمقراطية الإنتخابات، ٢٠٠٦).

٦. د. هێرش ڕەسوڵ: ئێتیکو یاسا لە میدیای کوردیدا، (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠١٣).


٧. هێرش ڕەسوڵ: ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنوسیی

کوردیدا، (سلێمانی: لە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی «چاودێر»، ٢٠٠٩).

٨. د. هێرش ڕەسوڵ: ئێتیک و یاسای ڕاگەیاندن، کۆمەڵێ محازەرەیە پێشکەشی خوێندکارانی خوێندنی باڵای ماستەری ڕاگەیاندن کراوە، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ساڵی خوێندنی (٢٠١٣ - ٢٠١٤).

٩. د. هێرش ڕەسوڵ: ئاستی ڕاستگۆیی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)، زانکۆی ڕاپەڕین (گۆڤار)، ژمارە (٢)، ٢٠١٤.

١٠. پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE): ڕێبەری ڕێگرتن لە هاندانی توندوتیژی لە دەزگاکانی میدیای کوردیدا، ئایاری ٢٠١٣.



**سوپاس و پێزانین**

بە پێویستی دەزانم سوپاسی تایبەتی کاک سیروان
حەمەسەعید (دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان) بکەم، کە
ئەرکی چاپکردنی ئەم رێبەرەیان گرتەئەستۆ.

نمونەیان زۆر بێت

**هێرش**

**کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر:**

١. رۆژنامەی ئەهلی لە باشوری کوردستان- توێژینەوە- هەولێر ٢٠٠٦

٢. میدیاو دەسەڵات- کۆدیدار- سلێمانی ٢٠٠٨

٣. ئازادیی رادەبڕین لە رۆژنامەنوسیی کوردیدا- توێژینەوە- سلێمانی ٢٠٠٩

٤. دانپیانانی کوژراوێک- کۆچیرۆک- سلێمانی ٢٠١٢

٥. ئێتیکو یاسا لە میدیای کوردیدا- توێژینەوەو وتار- سلێمانی ٢٠١٣

٦. رێبەری رێگرتن لە هاندانی توندوتیژی لە دەزگاکانی میدیای کوردیدا- سلێمانی ٢٠١٣- (بە هاوبەشی لەگەڵ چەند ئەکادیمیو میدیاکارێک، بە سەرپەرشتیی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE)

٧. الوظیفة الرقابیة للصحافة- توێژینەوە- بیروت ٢٠١٥

**ئامادەی چاپن:**

١. ئێتیکی راگەیاندن.. رێبەرێکی کردەیی بۆ میدیاکاران- نوسینو ئامادەکردن

٢. دەروازەیەک بۆ سۆسیۆلۆژیای راگەیاندن- نوسینو ئامادەکردن

٣. سەرەتایەک دەربارەی یاسای راگەیاندن- نوسینو ئامادەکردن

٤. راستگۆیی راگەیاندن.. میدیای کوردی تاچەند راستگۆیە؟- توێژینەوە

٥. ستون لە رۆژنامەنوسیی کوردیدا- توێژینەوە (بە هاوبەشی لەگەڵ م.محەمەد بابۆڵی)

٦. رۆژنامەنوسیی لۆکاڵی (رانیە ١٩٩١ – ٢٠١٥)- توێژینەوە (بە هاوبەشی لەگەڵ م.ئاراز رەمەزان)

٧. سۆشیاڵ میدیاو گەنجی کورد- توێژینەوە (بە هاوبەشی لەگەڵ م.تاژان دڵشاد)

٨. النظامين السلطوي والشيوعي للصحافة والعلاقة بينهما- (بە هاوبەشی لەگەڵ پ. ی. د. هێمن مەجید)

٩. الوظيفة الثقافية للصحافة- توێژینەوە

**نوسەر کێیە؟**

- پ. ی. د. هێرش رەسوڵ موراد
- ی. سەرۆکی زانکۆی راپەڕین بۆ کاروباری خوێندکاران
- ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ئەکادیمیی (زانکۆی راپەڕین)
- شارەزای میدیایی لە (ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر)و راوێژکاری گۆڤاری (دابڕان)
- لەدایکبوی ١٩٨٢/٩/١ رانیە
- بەکالۆریۆس (٢٠٠٤)، ماستەر (٢٠٠٨)، دکتۆرا (٢٠١١) لە راگەیاندن
- وەک سەرپەرشت، یان سەرۆکو ئەندامی لیژنە، لە چەند وتوێژێکی ماستەرنامەو تێزی دکتۆرادا بەشداربوە.
- بە پێشکەشکردنی توێژینەوە، یان بابەتو وانە، بەشداری لە کۆمەڵێ کۆنفرانسو سیمپۆزیۆمو خولو ۆرکشۆپدا کردوە.
- چەند وانەیەکی پەیوەست بە (ئێتیکو یاسای راگەیاندن، ژانرو پراکتیکی رۆژنامەوانی، کۆمەڵناسیی راگەیاندن)ی لە چەند زانکۆو پەیمانگایەکدا وتۆتەوە.
- یەکێک بوە لە راسپێردراوانی تیمی راگەیاندن بۆ ئامادەکردنی (ئینسکلۆپیدیای پارێزگای سلێمانی)، کە لەلایەن (UNESCO)ەوە سەرپەرشتیدەکرێت.
- لە ١٩٩٥ەوە دەستی بە کاری راگەیاندن کردوە، لە رێگەی ئامادەو پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی منداڵان لە دەنگی مەڵبەندی راپەڕین
- سەرنوسەر، سکرتێری نوسین، دەستەی نوسەران، راوێژکارو سەرپەرشتییاری چەند بڵاوکراوەو گۆڤارو رۆژنامەو رادیۆیەک بوە.